سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی ڕەمانیا لە عێراق دەکات

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ڕەمانیا لە عێراق کرد و بەهێزکردنی پێیوەندیی نێوان هەردوولا بە تایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلەجیای زانیاری و کەرتی کشتوکاڵدا تاوتوێکرد.

ڕۆژی دووشەممە (11ـی کانوونی یەکەمی 2023) مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە رادو دەبرە، باڵیۆزی ڕەمانیا لە عێراق کرد.
بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکەدا دوایین گەشانکاری و پێشهاتەکانی دەخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پێیوەندیی نێوان ڕەمانیا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

هەروەها هەردوولا هاوڵابوون لەسەر بەهێزکردنی پێیوەندیی دوولایەنە بە تایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلەجیای زانیاری و کەرتی کشتوکاڵدا.